Finlands Committe of komala party-Iranian kurdistan

## ساڵیادی ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری ڤانتا (وڵاتی فینلاند) 24.02.2007

یادی بیست و هەشتەمین ساڵرۆژی ئاشکرابوونی هەڵسوڕانی کۆمەڵە سەر لە ئێوارەی شەممە 24.02.2007 لە ڕێو ڕەسمێکی شکۆدار بۆ ڕێزگرتن لە 26 ڕێبەندان ، بە بەشداری زیاتر لە 400 کەس بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێو ڕەسمەکە لە لایەن بەڕێوەبەران ژووان ئیلیاسیزادە و جەعفەر عەبدینی بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێی گیانبەختکردو کاک محەممەد حوسێنی کەریمی و سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێبازی کۆمەڵە دەستی پێکرد، پاشان بێدەنگیەکە بە سرودی بانگەواز شکا. پاشان پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە لە لایەن هاوڕێ پڕشنگ محەممەدی بەرپرسی کۆمیتەی فینلاند خوێندرایەوە ،بە شوێن پەیامی کۆمیتە ناوەندی دا، پەیامی ڕێکخراوەکان خوێندرایەوە کە بریتی بوون لە :

1. یەکیەتی نیشتمانی کوردستان
2. پارتی دیموکراتی کوردستان
3. حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران
4. حیزبی دیموکراتی کوردستان_ئێران
5. سازمان فدائیان خلق ایران ( اکثریت )
6. جبهه دمکراتیک مردمی ملت عرب احواز
7. یەکیەتی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستان
8. ناوەندی چاک

پاشان گروپی هەڵپەرکێی ئاویەر بەرنامەیەکی جوانیان پێشکەش کرد. بە شوێن ئەودا بەرنامەی شادی و هەڵپەڕکێ بە بەشداری هونەرمەندان : سالار مەحمود و دیلمان دیۆ پێشکەشی بەشداربووان کرا.
بەرنامەکە تا کات ژمێر 1.30 شەو درێژەی هەبوو، بەشداربووان بەو پەڕی شادی و ڕەزامەندی شوێنی ڕێو ڕەسمەکەیان بەجێ هێشت.
کۆمیتەی بەڕێوەبەری ڕێز گرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە ڕێکخراوی فینلاند، سپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی گشت میوانەکان و سەرجەم بەشداربووانی بەڕێزو خۆشەویست دەکات.

..............................................................................................

**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران – کۆمیتەی ڕێکخراوی فینلاند**
E-mail: komala05_finland@yahoo.com







